## گرفتی کورد لەعیراق گرفتێکی سیاسی نیە

## گوتاری سیاسی و تاوانی جیابونەوە

غياث الدين نقشبندي

گوتاری سیاسی لەکوردستان, بەلای کەمەوە ئەوەی بۆ دەوروبەر ڤالا دەکرێت وەك گوتارێکی سیاسی ئوفیشال "رەسمی" لەلایەن هەردو سەرکردایەتیەکەوە. گوتارێکی هێمن و "معتدل" پارێزراوە. یەکبونی ئەو گوتارەش دووای نزیکەی سەد و شتێك کۆبونەوەی بەژن بەرزی هەردو سەرکردایەتی پارتی و یەکیێتی وەك هەنگاوێکی گرنگی پرۆسەی ئاشتی بەدەست هاتوە, کە بێگومان دەبێ ئومێدی هەمو هزرێکی ئازادو خودێکی دڵسۆز بێت. نەخاسمە دەڤەر بەتێکڕایی چاوەڕوانی شڵەژانێکی مەزن دەکات کە لەوانەیە ببێتە مایەی کارکنی بۆ دانیشتوانی دەڤەرەکە.

تەڤگەری گوتاری سیاسی لەسەر مژارێکی ستراتیجی وەکو شێوەی ژیانی کورد لە کوردستانێکی سەر بەعیراقدا, مژارگەری زانستی وەرناگرێ و نابێتە کارێکی تەڤگەر, چونکی سیستمی سیاسی لەکوردستان جیاوازی لەگەڵ سیستمی سیاسی عیراق و تەنانەت دەوەروبەریشدا هەیە وناکرێ لەگەڵیاندا بەراوردبکرێ, ئەوەندەش بە ئاسایی لەبەر جیاوازی دابونەریتی سیاسی و شێوەی خەبات و ئاڤاهی کەسایەتی و خودایەتی

مرۆڤی کوردە, کە بە هیچ شێوەیێك لە میللەتانی تر ناچێتئەگەرچی چەند چەمکێکی دیرۆکی پشکداریش لەناویاندان هەبێت. لەسەر ئەو بنەمایانە ناکرێ ویستی کورد بەویستی نوێنەرانی سیاسیەوە بە شێوەیێکی کوێرانە ببەسترێ و لەسەر رێتمی (اذا قال القائد قال العراق) پێوەربکرێ.

ئەوەی حزبەکان لەبەر چەند هۆیێکی تەکتیکی پێیوە پەیوەستن, بەسەر ڕای گشتیدا ناسەپێندرێ و نابێتە گوتارێکی هەمەگەر. چونکی ڕای میللەت وەرنەگیراوە و بە رێگاییێکی دیموکراسیانە بڕیاری لەسەرنەدراوە, بەڵکو لەکوردستان چەند پێوەرێکی تری هەیە کە دەبیٚ پەیڕەوبکرێ, ئەویش ڤالاکردنی هەمو شەپۆڵەکانە و گەیاندنی هەمو دەنگەکان, با دۆست و دژمن بزانن کورد هەیە پێی خۆشە لەعیراقدا بژی, بەلاٚم کوردیش هەیە گوێ ناداتە قۆناغو هزری خۆی پیٚ ڕاستترە لەهزری باو, هیچکامیان ئەوە ناگەیێنیٚ کە ئەوەیتر هەڵەیە, هەریێکە هزرێکە و هەر هزرێکیش مافی دەربڕینی هەیە.

پەیوەرەکان لەکوردستان ناکرێ وەکو ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ڕژێمی بەعس بن ولە دەوری 99.9٪ بخولێنەوە.

ئەگەر گوتاری ڕەسمی پێویستی بەوە بێت دۆڵی عیراقچیەتی لێبدرێ بۆ ئەوەی خۆی لە داوەکانی تورکی تۆڕانی ڕزکار بکات و یەکیەتی خاکی عیراق بەئەستۆوە بگرێ, ئەوەندەش ئەوە ناگەیێنیٚ کە هەمو کورد مام

جەلالە و هەمووکورد کاك مەسعود, ئەگەرچی وەکو سەرکردەی مەزنی کورد بناسرێن و ڕۆڵی مەزنیان لە گەیاندنی کورد بەو ڕۆژە هەبێت.

ئەگەر فەندەمینتاڵە عەرەبەکان مافی ئەوەیان هەبێت لەهەمو سەکۆییێکەوە کەربە زەهراویەکەیان برێژن, ئەوە دەبێ میدیای کوردیش ڕێگا بەو دەنگانە بدات کە خۆی نین و ئەگەر شتێك خۆت نەبی پێموانیە کەس ئاخڤتنەکانی لەسەرتۆ حساب بکات, چونکی خۆت نیت و دەنگی خۆت نیە.

ئەگەر باسکردن لە جیابونەوە بۆ دەوروبەر و باری تاقیکردنەوەی ئەقلیم باشنەبێت, بەلایەنی کەمەوە با نەخرێتە مێشکی کوڕانی دوارۆژی مللەت کە تاوانێکی مەزنە و نابێ بیری لێبکرێتەوە.

ڕەوایەتی بە دەوڵتی عیراق درا لە پێکهاتنی لەساڵی 1920 بەمەرجی دانپیانانی مافەکانی کورد, لەڕۆژی پێکهاتنیەوە تاوەکۆ نوسینی ئەم گوتارە حکومەتێك نەهاتوە وەکو مرۆڤ ڕەفتاری لەگەڵ کورد کردبێت, هوردم جێگای گومان بوەو هەمیشە کۆنسێپتێکی نا تەنایی بوە لەو دەوڵتەی کە مەرجەکانی پێکهاتنی خۆی بەجێ نەهێناوە. هەر پێکهاتنێکی مەرجدار ڕەوایەتی خۆی بە بەجێنەهێنانی مەرجەکە لەدەست دەدات.

لە بناغەوە هەبونی ئەو وەلاتە ڕەوایەتی نیە, بۆچی بەزۆر بخرێتە ناو مێشکی نەوەی کورد کە ڕەوایەتی هەیە و دەبێ ئێمەی کورد بیپارێزین. من پێمخۆشنیە عیراق تێکبچێ ومللەتی عیراقم خۆشدەوێ, بەلاّم ئەوەندەش ئەوە ناگەیێنێ کە من ئامانجە نەتەوەیەکانم بکەمە گوری یەکیەتی ئەو خاکە یەکنەگرتوە, چونکی کەس کۆلیتی خۆی لەبەر تەلاری خەڵك نەڕوخاندوە.

## پارادۆكسی پێڤاژ له‌ گوتاری سیاسیدا

هه‌ڵبه‌ته‌ حزبه‌ كوردیه‌كان زۆریان له‌ده‌ست نه‌بوو بیكه‌ن, چونكی ئه‌مریكا ده‌ستی به‌سه‌ر كاره‌كاندا گرتبوو, به‌لام پارادۆكسی paradox پێپڤاژ له‌ناو گوتاری سیاسیاندا به‌ئاشكرا خویا ده‌بێت, له‌لاییێكه‌وه‌ له‌عیراقی عیراقیترن‌و له‌ لاییێكی تره‌وه‌ به‌وه‌ش ئه‌رێ نین كه‌ وه‌كو هه‌ر عیراقییێكی تر بژین له‌ دووارۆژێكی نادیاردا له‌ عیراقێكی بێ ئومێد, چونكی كێشه‌ی كورد قه‌د به‌و شێوه‌یه‌ چاره‌سه‌رناكرێ, من كێشه‌م له‌سه‌ر ئه‌وه‌ نیه‌ كه‌ له‌به‌ر بارودۆخێكی تایبه‌ت خۆیان به‌ چه‌مكی عیراقچیه‌تیه‌وه‌ ده‌گرن له‌به‌ر گه‌ف‌و هه‌ڕه‌شه‌ی ده‌وروبه‌ر, به‌ڵاْم ده‌بووا له‌هه‌مانكاتیشدا شه‌پۆڵه‌ ناسیونالیسته‌كه‌ش به‌هێزبكه‌ن‌و بیكه‌ن به‌ كاغه‌زێكی فشار بۆ ئه‌وه‌ی ده‌وروبه‌رو ته‌نانه‌ت ئه‌مریكاش زیاتر هه‌بونیان دوپاتبكات‌و حه‌زبكات هه‌میشه‌ له‌گه‌ڵ ئه‌وانی معتدل دانوستان بكات.

عیراقی دووارۆژ

هیچ گومانی تێدا نیە کە حزبە کوردستانیەکان خەباتێکی زۆریان کردوە بۆ گەیاندنی کورد بۆ ئەمرۆژە, لەبەرامبەر بەوە خەڵك بە خوێنی خۆی بۆی مۆرکردون کە نوێنەری خەباتە رەوایەکەین‌و هەروەها ئەم بارودۆخە درێژ خایەنە جۆرە شەرعیەتێکی بە حزبەکان بەخشیوە کە هیچ هەڵبژاردنێك ناتوانێ بیبەخشێ, ئەو شەرعیەتەش زۆرجار بەکارهاتوە بۆ ئەوەی کاری کەسایەتی‌و بەرژەوەندی حیزبی تەسکی پێ بکرێ؛ پرسیارێك لێرە بە توندی خۆی دەڕازێنێتەوە: ئایا تاکەی ئەو شەرعیەتە سەروەرە لەدەست هەردوو حزبەکەدا دەمینێتەوە؟!

بێگومان نەمانی ڕژێمی بەعس هەرچەندە باشییشی زۆر هەبو بەلاّم بۆ حزبەکان مایەی نیگەرانییێکی زۆر گەورە دەگرێتە باوەش, نەخاسمە رای گشتی کوردی جارێکی تر بەملکەچی ئەوەیان لێ ئەرێنابێت کە جاران لەترسی هاتنەوەی ڕژێم بۆ خاکی کوردستان‌و تێکدانی تاقیکردنەوەکە ئەرێ بو, دەبێ حزبەکان زۆر بەووردی پێداچوونەوەی پەیڕەو پڕۆگرام‌و ڕەفتاری خۆیان بکەن, ئەگینا خەڵکی تر هەیە پییێدا بڕواتەوەو ئەوسا زۆر زیان بەهەمووومان دەکەوێ.

ئەگەر لەناکاوەوە ئەمریکا چەکی بەکورد داناو لوتیانی خستە ناو شێوەکاریە سیاسیەکەی عیراقی دووارۆژدا, بەبێچەك‌و بەبێی پاراستن, چۆن زامنی بەردەوامی خەباتی خۆمان دەکەین‌و چۆن بڕوا بەوە

دەکەین کە جارێکیتر حکومەتەکە بە هەمان شێوە دەست بە کوردقران ناکات؟

بۆ ئەو کەسانەی دەستورێکی عیراقی بەردەوام دەکەن بە مسۆگەرو تەنایی خۆیان دەڵێم: سوودی چیە ئەگەر باشترین یاسای دونیامان هەبێتو نەزانین بەکاری بێنین, یانیش نەمانەوێ بەکاری بێنین! باشترین یاساش ئەوەی کە تطبیق دەکرێ, ئەو یاسایەی کە تطبیق ناکرێ, یاساییێکی باش نیە ئەگەرچی نمونەییترین یاساش بێت, بەیانی ئازار جگە لەچەند خاڵێکی ریفۆرمیو مەسەلەی کەرکوك, باشترین یاسابو, بەلاّم گرفت لە تطبیقةیبوو, ئینجا لە ئازاری 70وە تاکو ئێستا 33 ساڵ ڕابورین, 33 ساڵی خوێناویو دڕندە, 4000 گوند ڕوخاو زیاتر لە نیو ملیۆن کورد بێسەروشوێن کران, خێزان تێکچوو بەسەدان هەزار ماڵ وێران بوون, چۆن دووای ئەو هەموو خەباتو قوربانیدانانە و دووای 33 ساڵ بۆ هەندێکیان و 60 ساڵ بۆ ئەوانیتر شۆڕشی بەردەوام بە بەیانی ساڵی 1970 ئەرێدەبینو ئەویش زۆر مسۆگەر نیە وەریگرین.

ساکارترین تیۆری ناساندنی شۆڕش ئەوەیە کە حاڵی مللەتێك, لە بارێکی خراپ, بەرەو بارێکی باشتر ببات. ئەگەر باری مللەت لەدووای شۆڕش خرابتربو لەوەی پێش شۆڕش, بیگومان یان نابێ بکرێ, یانیش بەلای کەمەوە نابێ ناوی شۆڕشی لێبنرێ ببێتە کارخانەی دروستبوونی چینە

فیودالێکی تر. من پێموا نیە حزبە دەستەلاّتدارەکان بیریان لەوە نەکردبێتەوە!! ئەگەر پارتیو ئەگەر یەکیێتی لەگەڵ رێژم بۆ خەباتی

ئەوانو حزبە کانی تریش کە لەدەستەلاٌتدا نین, لەبەر نشێیکی زۆر سەختدانو بەرپسیاری دیرۆك زۆر سەختتر دەبێ لەجارانی تر, چونکی باری هۆشیاری مللەت گۆڕاوە.

ئەگەر عیراق بەدڵی عیراقیەکان چاکبۆوەو ماوەییێکی تەنایی وئاسایشیان بردەسەرو دیموکراسی لەدەستوردا بەرپاکراو هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەناو جەیشی عیراقیدا توێندرایەوەو سەرچاوەی رزقی خەڵك لەدەست حزبەدەستەڵتدارەکاندا نەما, چ جۆرە شەرعیەتێکیان لەدەستدا دەمینێ؟ ئەگەر بۆ نمونە لەدوواڕۆژدا لایەنێك یان حزبێك دروستبو کە باوەری بە یەکییێتی خاکی عیراقو فیدرالیەکەی نەبێو داوای دەوڵتێکی کوردی سەرانسەری خاکی کوردستان بکەن, کێ ڕێگایان پێدەگرێ یەکیتیو پارتی بە هەموو خەباتە درێژەکەیانەوە ناتوانن لە جەیشی عیراقی لێیانبدەن, چونکی هیچ شەرعیەتێکیان لەدەستدا نیە کە بەناوی عیراقو بە جەیشی عیراقی لە نوێنەری خەباتی رزگاریخوازی مللەتی کورد بدەن, خۆشیان لە هەموو کەسێك زیاتر دەزانن ئەوەی لەگەڵ لەشکری دژمن لە هاونیشتیمانی خۆی دەدا, پێیدەڵێن چی!!

با ئەو گوتارەم بانگەوازێکی راشکاوو ئاشکرا بێت بۆ هێزە نیشتیمانپەروەرەکانی دەرەوەو ژورەوەی کوردستانو ببێتە بەیانی دروستبوونی شەپۆلێکی نیشتیمانپەروەری ناسیونالیست مۆدرنو باشترە ئەگەر بە رەزامەندی هەردو نوێنەری مللەتی کورد بێت پارتی

دیموکراتی کوردستانو یەکییێتی نیشتیمانی کوردستانو هەروەها حزبو کوردپەروەرەکانی تر کە کێشە ڕەواکەی کوردیان پێ گرنگترە لە

بەرژەوەندی حزبایەتی, بەوەش زامنی ئەوە دەکەین هیچ شەپۆلێکی گومانلێکراوی فەندەمینتالّ دروستنەبێت, مەبەستم فەندەمینتالّی چەپو ڕاستو ببێتەوە گرییێکی توند کە بەکەس نەکرێتەوە.

چەندین حکومەتی جیاواز لە ئێران گۆڕاو کێشەی کورد هەروەکو خۆیەتی, هەروەها لە تورکیا لە چەپی تیژەوە بگرە تاوەکو ئیسلامیو ڕادیکالو ریفۆرمیستو هەرهەمویان هەر دژی نەژادی کوردن, عیراقیش نمونەییێکی چاکە لەبەر چاوی هەمومان, گرفتی سەرەکیمان کە هەمیشە حەزناکەین وا بێت بەلاّم بەداخەوە ڕاستییێکی تالە : عەرەبو تورك وفارس دژمنی نەژادی کوردن.

ئەو گوتارە تەنها ڕاو بۆچوونی منەو تەنها من لێی بەرپسیارم, هیچ لایەنێكو حزبو گرووپێکی سیاسی لەدووایدا نیە, تەنها چەند نیگەرانییێکەو بە بڕوای من زۆر کەسیتر هەن وەکو من بیردەکەنەوە کە کێشەی کورد لە وەلاّتە داگیرکەرەکان کێشەییێکی سیاسی نیە, کێشەییێکی ڕەگەزی بێگەردە و داگیرکەرەکان بەهەموو حزبو لایەنەوە, ئەوەندە لەگەلّ کورد باشن, تا نەهاتونەتە سەر کورسی دەستەلاّت.